لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای ئازادکردنی ئیسلام کەشانی دەکات

لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (CPJ)، داوای لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کرد، بەزووترین کات بەرپرسی نووسینگەی کەناڵی تەلەفزیۆنی سپێدە و ڕۆژنامەنووس ئیسلام کەشانی ئازاد بکەن و ڕایگەیاند، "پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ و بەمەرج ڕۆژنامەنوس ئیسلام کەشانی ئازاد بکەن"، هەروەها داوای کرد، هەکاری دەستگیرکردنی و هەڕەشەکوتانە سەر ماڵەکەی ئاشکرا بکەن و دنیایی بدەنە ڕۆژنامەنوسان ئازادانە کاری خۆیان بکەن.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (2023/8/24)، ڕۆژنامەنوس ئیسلام کەشانی بە مەبەستی چوون بۆ کاری میدیایی خۆی لە نوسینگەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە و دەزگای خابیر، لە ماڵ دەرچوو، پێش ئەوەی بگاتە شوێنی کارەکەی لە گەڕەکی سەفین شاری زاخۆ، هەڕەکی ئاسایش بۆ ئەوەی هیچ بەیارەکی دادگایان پێ بێت دەیگرن و دەیەفڕنن و دواتر هەڕەشەکوتنە سەر ماڵەکەی.